سەماحەتی حەکیم لەئیوارە خوانەك لەگەڵ ئەندازیارانی پاك و خاوێنی: ڕێز لە ئەرکەکانتان دەگرین و داوا دەکەین مانگی ڕەمەزان بە ئەرکی زیاتر بقەزنێوە

لە ئیوارە خوانەکی نایابدا، بەڕێز عەمار حەکیم لەگەڵ کەمەکك لە ئەندازیارانی پاك و خاوێنی لە بەغدایی پایتەخت کەبووەوە، لەم دیدارە کە بەڕێز عەمار موسا ئەنداری بەغدا ئامادەی بوو،سەماحەتی حەکیم ڕێز و ستایشی خۆی پێشکەش کرد بە ئەو ئەرك و ماندووبوونەی ئەو توێژە بە خزمەتکردنی ولات پێشکەشی دەکاتا کەشکی باك و خاوین و تەندروست بە هاوڵاتیان دابین بکەن.

لەم دیدارە لە گوتەیەکی، بەڕێز عەمار حەکیم دووپاتی کردەوە کە خواستی خەك گرنگە بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتی و ئاماژەی ئەو دەخە ئەرێنیە کرد کە پێشکەوتنی کەمەگەی عەراقی دەردەخات و وا دەکات هاوڵاتیان وەمك پێشتر بیر ترسی ئەمنی و کەمەلایەتی و سیاسی نەکەنەوە کە پێشتر خەمی گەورەیان بوو.

سەماحەتی حەکیم ئەم بۆنەیەشی قۆستەوە و جەختی لەسەر گرنگی مانگی ڕەمەزان کردەوە و داوای لە هەموان کرد کە سەرمایەی لەم مانگە پیرۆزەدا بکەن کە مانگی بەخشین و میوانداریی خوای گەورەیە و هیوای خواست هەموان لە لە نیعمەتەکانی بەبەش نەبن و جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە ئاسایش و ئاشتی لە نێوان گەلانی ناوچەکە و جیهاندا سەروەر بێت.

سەبارەت بە توێژی ئەندازیارانی پاککردنەوە، بەڕێزحەکیم داوای دادپەروەریان کرد و مافەکانیان پێبدرێت و جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە موڵکی گشتی وەك موڵکی تایبەت سەیر بکرێت و گرنگی پێبدرێت هەروەها جەختی لەسەر گرنگی کارکردن و لێهاتوویی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کردەوە.

بەڕێزیان لە کۆتایی قسەکانیدا داوای کرد باس لە چیرۆکەکانی سەرکەوتن بکەن لە هەموو کەرتەکان و بڵاوی بکەنەوە، تا ڕەحیی کارکردن و ئەکبار لێنوان هەموو توێژەکانی کەمەگا هەبێت، بە ئەوەی ڕۆشنبیری بنیاتنان و دەستکەوت لە عەراق بەرەوپێش بچێت.